سودانی جێخت لە کاراکردنەوەی کێکردنەوەی کرێی کارەبا دەکات



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جێختی لە پێشینەی کارکانی حکومەت بۆ پرسی کێکردنەوەی کرێی کارەبا لە کۆرتی کارەبا و ئامادەکردنی دیراسەی بابەتێکە کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: "سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەردانی بارەگای وەزارەتی کارەبای کرد لە بەغدای پایتەخت، بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە ئامادەکارییە پێشوەختەکانی وەزارەت بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا لە وەرزی هاوینی داهاتوودا."

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "سەرۆک وەزیران سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە تێیدا وەزیری کارەبا بە وەکالەت و ژمارەیەک لە ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت ئامادەی بوون. لە کۆبوونەوەکەدا پلانی بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردنی وزە، چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناو تۆڕی نیشتمانی و دەسپێکی کێکردنەوەی کرێی کارەبا خرانەڕوو."

سودانی جەختیکردەوە: لەسەر "پێشینەیی دەسپێکی کێکردنەوەی کرێی کارەبا و ئەوانەی لە تەکخستنی بەکاربردن و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی وزە"، ئاماژەی بۆپشکرد: "کێکردنەوەی کرێ تەنها بە کێکردنەوەی پارە نییە، بەڵکو ئامانجی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی بەردەوام و تەرخانکردنی

داهاتەکانێ بۆ نەژمێنکردنووی کەرتی کارەبا."

هەروەها فەرمانی دا بە "ئامادەکردنی تووژینەوەیەک لەسەر کەکردنووی کرێی کارەبا، بە مەبەستی باشترکردنی کارایی وەرگرتنی داهاتەکان، کە تێیدا بڕی تێچووی کرێی کارەبا بهێنرێت بە وەاتانی دراوس." جەختیشیکردەوە: لەسەر "پێویستی بەدواداچوون و پێداچوونەوەی بەردەوام بە پلانەکانی وەزارەت و ئەکارە مەیدانییەکان بە باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و گرێنتی دابینکردنی کارەبا بە هاوەاتیان، بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی هاوین."